# غەزوی كەلتوری و گفتوگۆی شارستانییەكان

ئامادەكردنی / كامیل محەمەد قەرەداغی

ڕەنگە زۆر بەكارهێنانی چەند چەمكێك وامان لێبكەن كەبڵێین ئەوچەمكانە بۆخۆیان ڕوون بونەتەوەو ئیتر ناكۆكییان لەسەر نەماوەو دەبێت ئێمەش بەبەرەنجامەكانیان قایل ببین. لەوانەیە ئەم خۆبەدەستەوەدانە كاكڵەدارە لەسایەی نائامادەیی گفتوگۆیەكی ڕەخنەگرانەداچەندگرفتێكی لێبكەوێتەوەو گەڕان بەدوای چارەسەرەكانیاندا سەرقاڵمان بكات. جگە لەوەش چەنددژایەتیەكی ناڕاست بوروژێنێ و لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو ململانە ڕاستەقینەیەدوورمان بخەنەوە كە دەبێت بەڕاستی ووریایی بین و خۆمانی بۆكۆبكەینەوە.

نمونەی ئەوچەمكە زۆر بەكار هاتوانەی كەپڕن لەتەوژمی هەڵچون، ئەو دو شتەن كە پێیان دەوترێت غەزوی كەلتوری و گفتوگۆی شارستانیەكان. بۆئەوەی بتوانین بەباشی ئەودو چەمكە بناسێنین پێویستمان بەبڕێك لە بێلایەنی ئەكادیمیانە هەیە.

## كەلتور لە نێوان ئایدۆلۆژیاو پراكتیكدا

كەلتور ( CULTURE) تەنها شتێك ناگەیەنێت، واتەتەنها زاراوەیەك نیە تۆژەران لەسەری ڕێك نەكەون. بەڵكو پتر لەماناو ئاستێكی هەیە، هەر ماناوئاستێكیش بواری خۆیان هەیە. دیارترین مانای كەلتور ڕۆشنبونەوەی ئاوەزو فراوانبونی ئاگاییە، ئەوكەسەی كەلتوربەرهەم دێنێ و بەكاری ئەبا پێی دەگوترێت ڕۆشنبیر، بە كۆمەڵێك ڕۆشنبیریش دەوترێت ئەنتلیجنسیا. كەلتوربەم مانایە وێنەیەكی پەرەسەندنی هۆشی بەكۆمەڵەو لەسەر ئاوێنە رونەكانی ئامرازەكانی دەربڕین وداهێنان ڕەنگ دەداتەوە. لەم پێگەیەوە ڕۆشنبیر دەتوانێت وردبینانەوبەناوی هەموانەوە گوزارە لە ڕەوشە گشتیەكان بكات. لەبەرامبەر ڕەوشی گشتیدا پرسیار لەسەرهەڵوێستی ڕۆشنبیر درست دەبێت كە ئایا تا چەند مولتەزیمە یان جیاخوازە. پەیرەویی ئایدۆلۆژیش كاریگەری لەسەرهەڵوێست دادەنێت.

بوارێكی دیكەی كەلتورسەربەزانستەكۆمەڵایەتیەكانەوبوارێكی فراوانترلەوەی پێشو دەگرێتەوە، واتە تەواوی سەرمایەی كاری مرۆڤایەتی و بەرهەمە كۆمەڵایەتیەكانی ئەوكارەیە. كۆمەڵێك چالاكیی مرۆییە لە ڕەوشتی كردەیی و ئاوەزیدا بەرجەستەدەبن. ئەم سیستمانەدەكرێ لە ڕێگەی سیستمە كۆمەڵایەتیەكانەوە بگوزێرینەوە. پێكهاتەیەكی گرێچنی تێكچڕژاوی ڕەوشتی كردەیی و هزرین و مرۆڤ بەدەستی هێناون، هەموو پێكهاتە ماتریالی و ئاوەزیەكانن مرۆڤ لەسروشتدادروستی كردون. كەوابێ ئەگەر سروشت كەرەستە خاوەكان بدات بەدەستی مرۆڤەوە ئەوا كەلتوریش مرۆڤ فێر دەكات چۆن ئەوكەرەستانە لەبەرژەوەندی خواست و پێویستیەكانی خۆیدا بەكار بهێنێت.بۆیە ئەگەر سروشت چەندیاسایەكی جێگیری هەبێت ئەوا وەك ئەوەی لە ئاین و فەلسەفەو هونەریشدا دەبینین، بەهاوپێوەرەكانیش بەسەركەلتوردا زاڵن، ئەمەش بەو مانایانا كە چەمكی كەلتورو كۆمەڵگا بەیەكەوە یەكبخەن، چونكەكەلتور بەرەنجامی كارلێكەكانی كۆمەڵگەیە.

بونیادی كەلتور

هەر كەلتورێك بونیادێكی هەیە كەلەسێ لایەن پێك دێت:- پێكهێنەرەكان، ڕەگەزەكان، پەیوەندیەكان.

پێكهێنەرەكان چەند چێوەیەكی گشتی وەك ( زمان و ئاین و هونەر)ن و هەمو كەلتورەجۆراوجۆركان تێیدا بەشدارن.

ڕەگەزەکانیش ئەو ناوەڕۆك و بەرهەمە چونایەتیە تایبەتیانەن کە چێوە گشتیەکان پڕدەکەنەوەو لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی دەگۆڕێن. چەند پەیوەندییەکی دیاریکراویش لە نێوان ئەم ڕەگەزانەدا دادەڕێژرێن و بەپێی ئەو پەیوەندییە کێشی ڕێژەیی هەریەکە لە ڕەگەزەکان دیاری دەکرێ.

نهێنی پێشکەوتنی کەلتوری لەوگۆڕانانەدایە کەبەسەرپەیوەندی نێوان ڕەگەزەکاندا دێ. دەکرێ تاکە ڕەگەزێکیش وەك خۆی نەمێنێتەوەوئەویش لە ناوەڕۆکیدا، یان لە ڕوی پەیوەندیەوەی بە ئەوانی ترەوە گۆڕانی بەسەردا بێت، چونکە تاکە ڕەگەز بەتەنهاخۆی کار ناکات و ناتوانێت وەك کیانێکی سەربەخۆکاربکات بەڵکو بەهۆی ئەو مرۆڤانەوە کاردەکات کە بەکاری دەهێنن و لێی تێ دەگەن و بە ئاڕاستەیەکدا کاری پێ دەکەن. بەم پێیە دەکرێ لەناو یەك پێکهاتەدا دوو لایەن جیا بکەینەوە، لایەنێکی جێگیرو ستاتیکی لایەنێکی گۆڕاوی داینامی.

ئەوەی یەکەمیان پەیوەندیی بەدەقی پارێزراو، یان کەلەپوری پێشوەوە هەیە، دوەمیان ئەو مومارەسانەن کە شتەپارێزراوکان دەخەنەوە گەڕ، پێگەی ئەمەی دوەمیان بەپێی کەلتورو بەپێی قۆناغ و دەستەو تاقم دەگۆڕێ. ئەوشتانەی کەپێیان دەگوترێت تەقلیدو کەلەپور هێندەی ئەوەی کەڕوداوی مێژووین و لە زۆر ڕوەوە لەسەر زۆر ئاستەوە لەگەڵ ڕوداوە کانی داهاتوداکارلێك دەکەن، ئەوەندە ڕەسیدو سەرمایە نین. ڕەنگەکەلتورێك هەبێت لە ڕویەکیەوە کارلە کەلتورەکانی تر بکات و ببێت بە موڵکێکی کۆمونەیی هەمو مرۆڤایەتی، یان بەشێکی بتوانێ ببێت بەسەر مەشقی چەندکەلتورێکی بێگانەی تر. یان هەر ئەو بەشە بۆخۆی پەکی بکەوێت و مردنێکی سرشتیانە بمرێت، یان مەبەستی هەبێت چەندلایەنێکی خۆی تێك بشکێنێت. وەك ئەوەی کەلەکاتی داگیرکرانی ژێردەستەی بێگانەدا ڕودەدا، تێك شکانێك لەبەرژەوەندیی کەلتورێکی زاڵتردا دەبێ. بەڵام چەندلایەنێکی ترهەن کەڵکی ئەوە دەگرن لەناو ئەو کەلتورە گۆڕاوانەدا بمێننەوەو بەردەوامبن کەلەچەند قۆناغێکی پاش یەکدا بەسەر گەلێکدا دێن، وەك زمان وهەندێ بیرو باوەڕ.. لە بونیادی بنەڕەتیی هەرکەلتورێکدا کەلەپورهەیە. ئەم کەلەپورەش ئاوێتەیەکە لەچەندڕەگەزێکی کەلتورە پێشوەکانی گەلێکەوە پێکهاتووە. واتە تەنهایەك کەلتور ناگەیەنێت، هێماوڕەگەزە بەکارهاتوەکانیشی تەنها شتێك ناگەیەنن، چونکە وەك وتمان هێماو مومارەسەو ناوەڕۆکی ڕەگەزێك لە کەلتورێکەوە بۆ کەلورێکی تر دەگۆڕێن.

لێرەدا پێویستەجەخت لەسەرئەوە بکەین کە کەلەپور مانای دەقێکی دیاری کراو نیە، بەڵکو تێگەیشتنی مرۆڤ لەو دەقەلەزەمەنێکی دیاری کراوداو ڕێگاکانی بەکارهێنانی و خستنەگەڕی دەقەکە کەلەپور دروست دەکەن.

کۆمەڵگە بەدرێژایی سەردەمەکان کەلتورێکی بەردەوامی نابێ، بەڵکو ئەوەی کە بەردەوام دەبێ ئەو لایەنانەیە کەکەلتورکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوەوگرێیان دەدات بۆئەوەی مانەوەو کاریگەرییان بۆمسۆگەربکات. دەتوانین بەوشتانە بڵێین (پێکەوە گرێدانی نەتەوەیی) واتە لایەنە هاوبەشەکانی ئەندامانی گەلێك کەسەرباری جیاوازیی جۆرو وەچەو کاروچین و فێربون، بەیەکەوە کۆیان دەکاتەوە. لێرەدا لەوە نزیك بوینەتەوە باس لە مەسەلەی (ناسنامە) بکەین.

## مەسەلەی ناسنامە

توێژینەوە لە مەسەلەی ناسنامە، توێژینەوە نیە لە شتێك کەهەمان بوبێت و لەدەستمان دابێت، یان لەدەستی بدەین، بەڵکو گەڕانە بەدوای یەکخستنی ئینتیمادا. ئینتیما نەك بەمانای سازدان، بەڵکو بەمانای یەکێتی دروستکردنی نێوان جۆراوجۆرەکان و دروست کردنی خاڵی هاوبەش. ناسنامە، کەوابێ ئەوڕەهەندە خۆجێی و مۆرکە باوو شێوە بۆماوەیەیەی کارە کە تایبەتمەندیی گەلێك جیادەکاتەوە. واتە شێوەی بۆچونی هەرگەلێك بۆگرفتەکان و چارەسەرەکانیان، کەلەوسەرەوە مۆرکێکی تایبەتی بەردەوام بۆهزرو ڕەوشتیان

دروست دەکات. وەك زاڵ بونی نەزعەی ئەزمونگەری براگماتی لای هزری ئەنگلۆساکسۆنیەکان و ،نەزعەی خۆیی و عەقڵییفەرەنسیەکان و ئایدیالیستی ئەڵمانەکان، ئەگەرچی ناشتوانین بڵێین ئەم نمونانەی هێنامانەوە هەڵوێستی هزری و ڕەوشتی تەواوی هەریەکە لەگەلەکان پێك ناهێنن.

ئەو خەڵکانە کەبەدوای چارەسەری گرفتەکان و ڕوبەڕوبونەوەی تەحەداکاندا گەڕاون، بەپێی پێویستیی پرۆژەکانی خۆیان ئەوشێوازە،یان ناسنامەیەیان دروستکردووە، واتە مرۆڤ خۆی بەمەبەستەوە ئەوانەی هەڵبژاردووەوپێیانەوە لەدایك نەبووە.

## گفتوگۆی شارستانیەکان

بۆ ئەوەی هەر شارستانییەك بتوانێت وەك لایەنێك لەگەڵ لایەنێکی تردابچێتە گفتوگۆوە پێویستە بڕێکی دیاریکراوی سەربەخۆیی هەبێ. شارستانیش وەك وتمان بەرجەستەکردنی مادیو بینراوی کەلتورە. کەوابێ گفتوگۆش ڕەوشێکی ڕەواو سروشتیە. گفتوگۆی پراکتیکی و گفتوگۆی ئاوەزیش هەیە. پراکتیکیەکەیان ئەوەیەکە لە ڕێگەی هەمو کەناڵەکانی هێنان و ناردنەوە دەکرێ( بەڵام تەنها بەمانا بازرگانیەکەی نا) چونکە گەشتکردن و ئاڵوگۆڕکردنی شارەزایی ناو هەمو بوارەکانیش دەگرێتەوە.

گفتوگۆی ئاوەزیش ئەوەیەکە کەناڵە رەسمیو نا ڕەسمیەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی پەخش و ڕاگەیاندن و دامەزراوەکانی فێربون و پەیڕەوەکانی خوێندنەوە ئاڵوگۆڕیان پێدەکەن.

بێگومان ئەم دوو ڕێگایەش بەیەکەوە ئاسۆی بینینی هزریو هونەری فراوان دەکەن و چارەسەری نوێ لایلایەنەکانی گفتوگۆ دروست دەکەن. کەواتە گفتوگۆکردن بەهایەکی ئیجابیانەی هەیە چونکە دورە لەشێوازی سەرکوت و ناچار کردنەوە. مێژوش زۆر نمونەی گفتوگۆی تێدایەو زۆر نمونەی ڕوبەڕوبونەوەشی تێدایە کەلەم نمونانەی دواییاندا چەك بەشداریی هەندێکیانی کردووە.

نمونەی یەکەمی شارستانیەکان شارستانیی گریکیە کە گفتوگۆیەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شارستانیی ڕۆژهەڵاتی نزیك و بە تایبەتیش میسردا هەبوە. دۆزینەوەی کشتوکاڵکردن لەسەر کەناری ڕوبارەکان شۆڕشی یەکەمی مرۆڤایەتی بو، هەنگاوێکی زوو بوو بەرەو شارستانیی و مرۆڤ لەوێوە فێربو کە چۆن سروشت بەرهەم بهێنێتەوە. لەوکاتانەدا میسریەکان پێویستیان بە تیۆریزە کردن نەبوو، کاتەکانیان لەکاری بەرهەمداردا بەسەردەبرد، یۆنانیەکانیش لەسایەی ئازادیو کاتی زۆرو نەبونی دەسەڵاتی مەرکەزیدا دەیانتوانی لەکارکردنی میسریەکان ڕابمێنن. لە توانای هزریی یۆنانەکان و توانای کارکردنی میسریو گفتوگۆیداهێنەرانەی نێوانیانەوە ئەو ڕەوشە گرنگە هاتە ئاراوە کە پێی دەگوترێ ( موعجیزەی یۆنانی).

کاتێك یۆنان سەربەخۆیی سیاسیی خۆیی لە دەست دا ئیمبراتۆریەتی ئەسکەندەری بو بەچەند دەوڵەتۆکەیەکەوە سەربازەکان بەڕێوەیان دەبرد. ئەوکاتە ئەسکەندەرییە بوبە پایتەختی شارستانییەك کە تێیدا کەلتوری گریکی و میسریو جولەکەیی و هەندێکی فارسیو چەند دەمارێکی تری ڕۆژهەڵاتی تێکەڵبون، ئەوشارستانیە ڕەنگاڵەییە ناوی شارستانی هێلنستی بو. لەوێوە، واتە لەشارستانی هێلنستییەوە بۆ یەکەم جار پرۆژەی هاوڵاتیی جیهانی (کۆزمۆ پۆلیتانی) دەرکەوت و لەوێوە هزر وازی لەوە هێنا تەلاری میتافیزییانە بنیاد بنێ و کەوتە گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشتی مرۆڤ و پێوەرەکانی ئاکارو چەند خوێدنگەیەکی وەك ڕەواقیو ئەبیقۆریزم پەیدا بون. شارستانیی عەرەبی ئیسلامی، شارستانییەکە دان بە هەموو کەلتورەکانی تردا دەنێ، سودیان لێ وەردەگرێ و پشتیان پێ دەبەستێ. عەرەبەکانی سەرەتا لە شێوە ژیانی کۆچەریدا بون (بەدوبون) بەڵام تێکەڵبونیان بەشارستانیەکانی تر کۆمەڵگای ئەوانیشی فێرکرد واز لە پەیوەندیە سنورداره خێڵەکیەکانی

خۆیبهێنێ. پاشتریش پێویستیی کۆمەڵایەتی نوێ لای ئەوان دروست بو، ئەوپێویستیانە ناچاریان کردن بەدوای شارەزایی شارستانیەکانی تردا بگەڕێن. بۆیە خەڵکە شارەزاکانیان لەسەدەی دووەمو سێیەمی کۆچیەوە کەوتنە تەرجەمەکردنی بەرهەمەکانی شارستانیەکانی بێگانە.

## چاخی ڕێنیسانس

چاخی ڕێنیسانسی ئەورووپی کەسەرلەنوێو لە میانەی دوو بزوتنەوەی تەریبەوە کەوتنە دۆزینەوەو ئاشکراکردنی مرۆڤو سروشت، نمونەیەکی تری گفتوگۆی شارستانیەکانە. ئەودوو بزوتنەوەیە یەکیان بزوتنەوەی کلاسیکیی‌مرۆیی بو، بە نیازی دابینبونی ئازادیی هزرو گفتوگۆ، دروشمی گەڕانەوەیان بۆ دابە کۆنەکان بەرزکردەوە، بۆ ئەوەی لەچنگی ئەودەزگا کەلتورییە دەرباز بن کەبەسەرچاخەکانی ناویندا زاڵ بو.
بزوتنەوەی دووەم ئەوبزوتنەوە زانستیەیە کە ڕاستەوخۆ لە نەریتی توێژینەوەی زانستییەوە سەرچاوەی گرتوە، سەرەتا لەسەر دەستی رۆجەر بیکۆنەوە ڕاگەیەندراوە ئەم بزوتنەوەیە شۆڕشی زانستیی لێکەوتەوە.
دیارە ڕێنیسانسی ئەوروپاییش سوودی لە ئەزمونی شارستانیەکانی ڕۆژهەڵاتو گفتوگۆی ئەوان وەرگرتوە، ڕەنگە هەندێجار ئەو گفتوگۆیە لە کاتی چەنگە خاچپەرستیەکاندا شێوازی ڕوبەڕوبونەوەی توندی وەرگرتبێ.
بانگەشەی گەڕانەوە بۆدابە کۆنەکان، بانگەشەی شوێن کەوتنێکی ڕەگەزپەرستانە بوو، چونکەداوای گەڕانەوە نەبو بۆ دەقەکان، بەڵکو وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بوبەو خواستە دێرینەی کەدەڵێ با ژیان بەڕاستو ڕەوانی وەربگرینو هەمو گرفتە سیاسیو ئاکاریو کۆمەڵایەتیەکان بخەینە بەر ئەزمونێکی ڕەخنەگرانە.دیارە ئەمەش کاتێك ڕەخسا کەگفتوگۆیەکی‌بابەتیانە لە نێوان ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتدا لەسەر ئاستێکی ماتریاڵیو هزری نوێ هاتە ئاراوەوکاڵابازرگانیو دەستهاتە هزریەکان لە نێوان هەردوولادا ئاڵوگۆڕ کرانو چەندتوێژێکی بۆرژوازیی نوێ هاتنە ئاراوە کە داوای گەڕانەوەیان دەکرد بۆ دابو نەریتە کۆنەکان.
ئەودوو بزوتنەوەیەی کە باسمان کردن (کلاسیکیەکەو زانستیەکە) وەك دوو ڕوباروابون ڕژانە ناو کەندرێکەوە کە پاچی گفتوگۆی دێرینی‌نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا هەڵیکەندبو.هێندەی نەبرد ڕیتمی پێشکەوتنی دەستهاتە ڕۆژئاواییەکان خێرابو. لەبەر ئەوەی بەبوژانەوەی کەسێتی تاکەکانەوە پاڵی پێوەدەنرا. پاشان دەوڵەتی نەتەوەیی پێکهاتو بەهاسەرمایەداریەکانی وەکو ئازادی کێبەرکێکردنو ئارەزوی غەزوکردن هانی ئەوپێکهاتنەیان دا. ئەگەرچی ئەم ڕەوتە نوێیەی پێکهاتنە لەسەربنەمای تاکڕەوی بو، نیازی بەجیهانگیری هەبو، چونکەبوارێکی‌فراوان بوو بۆ کارکردنی خەونی دۆزینەوەی نوێو خاوەنداریو غەزوکردن لە هەردو ڕەهەندە تاکڕەویو جیهانگیریەکەوە. مرۆڤی ڕۆژئاوایی بۆچونی‌خۆیی سەبارەت بە مرۆڤ لەو دوو ڕەهەندەوە هەڵێنجا، هەمو شتەکانی بەپێوەری خۆی دەپێوی. بۆیە ئەم بۆچونە کارێکی وای کرد ڕۆژئاوا لەمەسەلەی گفتوگۆداشکست بێنێ. تەنانەت (مارکس)یش، ئەو بیریارو تێکۆشەرەمرۆییە کە خەونی بە جیهانێکەوە دەبینی لە ژێرسایەی‌کۆمەنستیدا بێو دەوڵەتو ململانەی چینایەتی نەمێنێ، کە باسی لە( شێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی) دەکردو باسی لەشارستانیە نا ئەوروپاییەکان دەکرد، نەیتوانی نەخشەی گفتوگۆیەکی نێوان ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا دابنێ. ئەمەش چەمکێکی زۆر نامۆیەو ناکۆکە لەگەڵ ئەوقۆناغانەی تردا کە مەتریالیزمی مێژویی باسی کردون.

## غەزوی کەلتوری

لێرەدادتوانین بەچەندهەنگاوێکی ئارام بچینە سەر چەمکی غەزوی کەلتوری. دەبێ پێش ئەوەش دان بەوەدا بنێین کەهەمو کەلتورەکان، بەشێوەی ئاشتی‌بێت، یان چەکدارانە کاریگەرییان لەسەر یەکترداناوە. هیچ

کەلتورێکیش بێبەری نیە لەوخڵتە خوازراوو نەخوازراوانە کە تێی‌چون،بۆیەئەوەی نەخوازراوبێ و بەزۆر تێیچوبێ دەتوانین پێی بڵێین غەزویکەلتوری. مەبەستمان لە نەخوازراوی‌ئەوەیە بەزۆرەملەیی بسەپێنرێ، دەناجۆرێکی تری تێچون هەیە کەغەزونیەو بەنهێنی دەچێ، واتە چەند تویژێکی خۆجێی دەیهێنن‌و لەبەرامبەر خەڵکانی تردا بەرژەوەندیی خۆیانی پێ‌دەپارێزن.

غەزوکردن ئەگەرکەلتوری‌بێ، دەبێ‌بەچەند هێزێکی ناکەلتوری تر بسەپێنرێ، چونکە کەلتور چەند مەسەلەیەکی پەیوەندیدارە بەئاوەزو ویژدان، واتەهۆشەوە.

## ترسی وابەستەیی

لەلای ئەوانەی کەلەدژی غەزوی کەلتوری هاوار دەکەن، شتێك هەیە شایانی حساب بۆ کردنە ئەویش ترسی وابەستەییە، ئەمەش حەقێکەو دەبێ ئێمەش شتێکی لەسەربڵێین، ئەگەر چی کە مەسەلەکە لە غەزوی کەلتوری جیاوازە.

کەلتور لەدەوری ناوکۆکەیەکی بنەڕەتی دروست دەبێ کە ئەویش بەرهەمهێنانی خودە ماتریالیەکەی کۆمەڵگەیە، بەمانای توانای ئەوپەرەسەندنەیە کە ڕێگە لەبزڕکان‌و پەك کەوتن دەگرێ.

واتە خۆگرتن‌و ئازادبون لە وابەستەیی. چونکە کاتێك کە کۆمەڵگە پەکی‌بەرهەمهێنانەوەی خۆیی دەکەوێ، کەلتورەکەشی سنورداردەبێ‌و هێندەی پێ‌دەکرێ کەلتورە لە قاڵبدراوە ئامادەکان بەکار بهێنێت:- واتە کەلتورەکەی لە ڕابوردویەکی‌کۆنەوە وەردەگرێت کەئێستا ئەوکەلتورە خۆی‌و گرفت‌و چارەسەرەکانیشی بەسەرچون، کە ئەمە سەلەفیەتە، یان لە ئێستا یەکەوە وەریدەگرێ کەخۆی‌بەشداریی‌لە دروستکردنیدا نەکردووە، لەودیوی سنوری خۆیەوە، لە ڕۆژئاوادروست کراوە.

## ڕاستکردنەوەیەك

دوژمنی ڕاستەقینەمان غەزوی کەلتوری نیە، بەڵکو شێواندنی کەلتورییە، بێگومان ئەمەیان ڕەوشێکی ناوخۆییە، کە هەستمان بەوە کرد، دوژمنە ڕاستەقینەکانی خۆمان دەناسین، بەرپرسیاریی ڕوبەڕوبونەوەیان دەکەوێتە ئەستۆمان. گرفتی‌ئێمە خۆدزینەوەیە لەو ڕوبەڕوبونەوەیە، دێین لەبری ئەوئەڵتەرناتیڤێك دروست دەکەین‌و نەفرەت‌و جامی توڕەیی خۆمانی بەسەردا دەڕژین.

**سەرچاوە / المنار - ژمارە (31) تەمووزی 1987 ل 118 -130**